# گۆ پتەپە ...؟



مستەفای حەسەنە گەورە
msto123@hotmail.com

**خزمینە.، خەمی ماڵ سوتان و دێ ڕوخانتان نەبێت، هەرکاتێ بووین  بە خاوەن حوکمی خۆمان لەجاران  زیاتر و جوانتر خانووەکان دروست دەکەینەوە.،.،؟**

ئەم دوو دێڕەی سەرەوە، ووتەی سەرۆک تاڵەبانیە لەساڵانی هەشتاکاندا  لە مزگەوتی  گۆپتەپە لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ خەڵکی  ئاوایی دا.
مامە گیان نەک هەر سەرۆکی خۆمان واتە کوردستان،   وا بوویتە سەرۆکی هەموو عێراق، بەڵام چیت کردووە بۆ گۆپتەپەو گۆپتەپە ئاساکان، حەتمەن هیچ ...؟هیچ سەدجار کۆی بکەرەوە لەگەڵ هیچ، هیچ سەد جار لە هیچی بدە، هیچ لە هیچ دەر بکە.. هەر هیچەو هیچی تر...؟من پێم باشە سێ  شتی بچکۆلە بیر مامە بهێنمەوە، کاتێ تیرۆرستان مزگەوتەکەی سامەڕایان تەقاندەوە بە پەلە چەند سەد هەزار دۆلارێکت بۆ بینا کردنەوەی مزگەوتەکە  تەرخان کرد، کامەیان پێویستر بوو مامەگیان مزگەوتی پڕ جەهل و خۆڕافەی شەڕی سوننەو شیعە ، یان خەڵکی کیمیا باران و ئەنفال کراوی گۆپتەپە، ئەم خەڵکەی  تادوێنێ پشت و پەنای  پێشمەرگەو شۆڕش بوون.
لە سەر دانێکتا بۆ زانکۆی بەغدا لە وێش چەند سەد هەزارێکت کردە خێر ، بۆ خەڵکی گۆپتەپە خێریان پێ ڕوا نیە سەیرێکی کۆڵانە قوڕاویەکانیان بکە، لەیادی پڕ شکۆی مەلیک مەحمودا.... بە پێی سەرچاوە نزیکەکان چەند سەد هەزار دۆلارێک سەرف کرا لەبەر خاتری مونافەسەی ئەولا...
سەد خۆزگە ئەو مونافەسەیە بۆ چاککردنی  ڕێگای سەرەکی دەربەندی  بازیان–
گۆپتەپە ئەبوو، ئاخۆ خێرەکەی چەند قات ئەبوو.
 کاتێ وەک ڕێبوارێکی ڕێگا وێڵیش  بەم ڕێگایەدا ئەڕۆی . ئەزانی  بە فەرمی هیچ بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە نەکراوە، جا چی بۆ کوێ کراوە بە ناشوکری ناڵێم هێشتا حکومەتەکەمان ساوایەو تەمەنی تەنیا شانزە ساڵی پڕ گەندەڵی ونەهامەتیە بۆ خەڵکی کوردستان. بەڕاست با هەر لۆمەی مامە نەکەین ئەی بۆ سەرۆکی هەرێم ناڵێی ئەویش بە حساب هەر لە خۆمانە ، کاتێ ئێسک و پرۆسکی بارزانیەکان هاتەوە، لەگەڵ یەک دونیا ڕێزو نەوازشم بۆ تەرمی هەر یەکێکیان، سەرۆک بارزانی

فەرمووی ئیتر تێر ئەخەوم...؟ ئەی بۆ هاتنەوەی تەرمی ئەنفال کراوەکانی گەرمیان و شوێنەکانی تر کێ تێر بخەوێ ..؟ لە ڕاستیدا ئێمە هەموومان خەوتووین ئەگینا کێ ئەو هەموو نا عەدالەتیە قبووڵ ئەکات لەم دەسەڵاتی بەناو کوردیە.

لەچی دەورو زەمانێک دا بووە ، کوڕێک باوکی ئەنفال کراوەو دایکی ئەچێت بۆ لای کۆنە سەرۆک جاشیک ، تا نامەیەکی بۆ وەرگرێ و کوڕەکەی تەعین بکات، جاشێک و پێشمەرگەیەکی شەهید لەهەمان دەزگای شەهیدان مووچە وەر بگرن.

ئەگەر سەیرێکی وێنەی ئەم پیرە ژنەی لای خوارەوە بکەین . ئەوەی لای چەپی وێنەکە، ئەم ژنە کۆست کەوتوە زیاتر لە سی کەسی لە خێزانەکەی لە دەست داوە،هەندێکیان هەر لە ناو گوند بە کیمیایی شەهید بوون و ئەوانی تر ئەنفالن، پێم باشە شتێکیش بیر پەرلەمانەکەی لەمەڕ خۆمان بهێنمەوە، گوایە پێنج نمرەی بە خشیوە بە قوتابیانی کەسو کار ئەنفال کراو کاتێ دەچنە زانکۆ کەواتە ئەم ژنە دەتوانێ 150 نمرە وەر بگرێ بەڵام بەداخەوە و سەد حیف کەسی نەماوە نەکوڕە زایەک و نەکچە زایەکی تا لەم بەخشندە گەورەیەی پەرلەمان بەهرە مەند بن .




یادی گۆپتەپە 2007/5/3






**وێنەکان خۆیان ئەدوێن....؟**

